# كەنارەكانی ئەودیو هەڵچوون..م

كەژاڵ ئیسماعیل. هۆڵەندا
2006 / 10 /12–10

ئەمشەو.. شیعرێک ئەمنووسێتەوە
غەمێک ئەمخواتەوە و
ئاهێک غەرقی ئەسەفم ئەکات
ئەسەف..
بۆ عاتیفەیەکی نێژراو
بۆ هەناسەیەکی پاک و
ئەسەف بۆ کۆچی "نالی"
ئەمێستا..
باڵندەکان بوخچەیان پێچاوەتەوە و
لەگەڵ قەهری ڕووبارێکا
کۆچ ئەکەن بۆ عەدەم
نەورەسەکان..
فەرشی کەناریان لوول داوە و
جام و شانەی دەریایان
ناوەتەسەر داهاتنی سپێدەیەک
دوو کوکوختی مەست
بەعەشقێکی سەرمەدی
تریفەی مانگیان سپاردووە
بەسۆمای چاوی ژوانێک
ئەبێ لەم مەزرایە
چی تازە بێت ؟
ئای.. چەندم ون کرد و
هیچم نەدۆزییەوە!
ئەمشەو..
هەناسەم
بۆنی گڕوی بووکەشووشەیەک ئەدات
هەناوم..
مەودایەکە بۆ غارغارێنی
ئەسپ سوارێکی دڕندە و
دەستەکانیشم..
فەزایەکی بەتاڵن لەگەرمی
قیبلەم ..

بۆتە دوورگەی ئەو دەریا شێتە و
بۆ ئەبەد.. نیگاکانم
جێی ماتەمی قەسیدەیەکە
بیرم نەبوو دەماودەم بینووسمەوە!
ئەمشەو..
شیعرێک ئەمخوێنێتەوە
دەفێک حەوام ئەدا و
شەمشەمە کوێرەیەک
خۆی بەئەشکەوتێکی
ڕۆحما هەڵواسیوە
ئۆف لەدەست ئەمشەو
ئاهی ئەمشەو!
ئەسەف..
بۆ سێبەری ئەو درەختەی لەژێر چاوەڕوانیدا
سووتا و...
بۆ شکۆفەی گوڵێک
بەهار هەڵی نەگرت
ئەسەف..
بۆ ئەو کورتە چیرۆکەی
ساڵانێک لەمەوبەر
لەدەفتەرێکی هەتیوما گیانی سپارد
چیدی نامەوێت هەناسەم
بۆنی پیاوێکی مردوو بدات
جەستەم..
سیمای ژنێکی نائومێد بنوێنێ
لێوەکانم..
وەک دەنووکی کۆترێکی گەرمەسێر
ئەنفال هەڵی بقرتێنێ
نامەوێت ئەسەف بمخواتەوە
ئەسەف بمکوژێت و
پیاوێک بمشارێتەوە..!
ئەمێستا..
ئەمەتام.. منم لێرە
خەو بەرێئەکەم
ئاهێک لەگەڵ نەفەسی جگەرەیەکدا

ئەمسووتێنێ و
حەزێک.. جانتای سەفەر
بۆ کەنارەکانی ئەودیو هەڵچوونم
کۆئەکاتەوە
سەفەرێکیش.. پێم ئەڵێت :
ئەوەتای.. ئەمە تۆی.. وا لێرە
شیعرێک . هەڵت ئەگرێ بۆ مێژوو
کتێبێک.. ئەتنێتە سەر ڕەفەی لەیادچوونەوە
پیاوێک.. پڕت ئەکا لەیاخی بوون!؟
هەقی خۆتە..
چیم پێ ئەڵێی پێم بڵێ
نکوولی لەوە ناکەم
شەکەتی دوای زریانێکی وێرانکەرم و
بەدوای خەونەکانی دوای خوێندنەوەی
فنجانێکدا.. وێڵ بووم، وێڵ!
تۆ لەبیرتە ئەو ڕۆژەی ژنێک
سەیری لەپی دەستی چەپی کردم و
پێی ووتم :
هەرچیت هەیە لەدەستی ئەدەی؟
زەمەنێک نامۆیی ئەتگرێنێ و
چەندین زستان
«تەرزە»* خۆی نادا لەپەنجەرەی چاوەڕوانیت؟
ئەمشەو..
چ ئاگرێکە ئەمکاتە سووتوی دڵڕەقی
چ گریانێکە
غەرقم ئەکا لەپەشیمانی؟
دە پێی بڵێ..
با ئەمشەو
شیعرێک نەمکا بەمەزەو
شیعرێک نەمکاتە پێکی شەراب و
لە چاوی ژنە قەرەجەکە فتم نەکا
هەتا ڕۆژێک..
لە ژێر سێبەری دارێکی چاوەڕێدا
شکۆفەی ئەو گوڵە ئەنێمە ڕۆحمەوە و
«تەرزە»* هەناسەم پڕ بکا لەبۆنی گەڕانەوە

**دەپێی بڵێ..**
**شەوی سەفەر زۆر بەمەلوولی**
**ماڵئاوایی لەشار کرد و**
**لەگەڵ ئەو زستانەدا**
**زۆر داباری بەسەر مناڵیدا و**
**بەدەم ڕێوە**
**پرچی نامۆیی دەسکەنە کرد و**
**گەلێک گلەیی دا لە بەرۆکی زەمەن**
**چیدی بەسە**
**ئاه و.. ئەسەف**
**ئەوەی ڕۆیی.. ڕۆیی و ڕابورد**
**دە پێی بڵێ..**
**بڵی ئەو ژنێک بوو**
**لەگەڵ ژانی دایکیا پڕبوو لەئ ازار**
**بەدەم گەورە بوونەوە**
**پڕ بوو لە ترس و**
**ئێستاش..**
**بەدەم چاوەڕوانییەوە**
**پڕپڕ بووە لەشیعر..!**
**• • •**